# نامەی یەهوزا

*ئەم نامەیە ئاگادارکردنەوەیە لەمامۆستا درۆزنەکان. هەروەها هاندانە بۆ باوەڕداران تابەردەوام تێبکۆشن لەپێناوی فێرکردنی باوەڕ، ئەو فێرکردنەی خودا بەتەواوی پێی داون.*

لەیەهوزای بەندەی عیسای
مەسیحو برای یاقوب، بۆ بانگ
کراوە خۆشەویستەکانی خودای
باوكو پارێزراوەکان بۆ عیسای
مەسیح: 2بەزەییو ئاشتیو
خۆشەویستیتان بەسەردا برژێت.

## تێکۆشان لە پێناوی باوەڕ

3خۆشەویستانم لەکاتێکدا زۆر
بەپەرۆشم لەبارەی ئەو ڕزگاربوونەی
ئێوە هاوبەشمانن تیایدا، بۆتان بنووسم،
ناچار ئێستا دەربارەی تێکۆشان
لەپێناوی ئەو باوەڕەی جارێك
بەخوشكو برا پیرۆزەکان دراوە
دەنووسم. 4چونکە کەسانێك
بەدزیەوە هاتوونە ناوتان، بێگومان
تووشی ئەو سزایە دەبن کە لەکۆنەوە
بۆیان نووسراوە، ئەوانە خوانەناسنو
بەرەکەتی خودا دەگۆڕن بۆ
بەڕەڵڵایی، تەنانەت نکۆڵی دەکەن
لەگەورەو خوداوەندمان کە عیسای
مەسیحە.

## سزای مامۆستا درۆزنەکان

5جا دەمەوێت ئەوەتان بیر
بخەمەوە، کە خۆتان دەیزانن، پاش
ئەوەی خوداوەند گەلی لەخاکی
میسر ڕزگارکرد، ئەوانەی بێ
باوەڕبوون لەناوی‌بردن. 6هەروەها
ئەو فریشتانەی شوێنەکانی خۆیان
نەپاراستو بەجێیانهێشت، خودا
بەکۆتی هەتاهەتایی تا ڕۆژی مەزنی
لێپرسینەوە لەقوولایی تاریکیدا
دەیانهێڵێتەوە، 7هەروەها شاری
سەدومو عەمورەو شارەکانی
دەوروبەریان لەسەر هەمان ڕێگای
ئەوان داوێن‌پیسییان کردو دوای
هەوەسبازی لەش کەوتن بەشێوەیەکی
ناسروشتی، جا بەئاگرێکی هەتاهەتایی
سزادرانو بوون بەپەند.
8بەهەمان شێوە خەیاڵخاوەکان
لەش گلاو دەکەنو دەسەلاتی خودا
ڕەت دەکەنەوەو بوختان بۆ

شکۆدارە ئاسمانیەکان هەڵدەبەستن. 9 بەڵام میکائیلی سەرۆکی فریشتەکان، کاتێك دژایەتی شەیتانی کرد سەبارەت بە تەرمەکەی موسا، نەیوێرا بەووتەی ناشرین وەڵامی بداتەوە، بەڵکو ووتی: (با خوداوەند سەرزەنشتت بکات!) 10 بەڵام ئەوانە بەسووکی ناوی شتێك دەبەن کە نایزانن، بەبێ‌عەقڵی وەکو ئاژەڵ دوای ئارەزووی خۆیان دەکەون. ئەمەش دەبێتە هۆی لەناوبردنیان.

11 خاكبەسەر ئەوانە، چونکە ئەوانە ڕێگای قابیلیان گرتووەو لەپێناوی بڕێك دەسکەوت خۆیان داوەتە دەست گومڕایی بەلعامەوەو* لەیاخی بوونەکەی قوڕەح* لەناودەچن.

12 ئەوانە نیشانەی شەرمەزارین لەداوەتەکانی خۆشەویستی، بەچاونەترسی نانتان لەگەڵ دەخۆن، تەنها خزمەتی خۆیان دەکەن، ئەوانە هەوری بێ‌ئاون بە با دێن‌و دەچن، داری بێ‌بەری پایزانن، دوو جار مردوون‌و ڕەگیان هەڵکەنراوە، 13 شەپۆلی دەریای هەڵچوون بەکەفی شەرمەزاری، ئەستێرەی وون‌بوون کە تاهەتایە لەتاریکیدا دەمێننەوە.

14 ئەخنوخی نەوەی حەوتەم لەئادەمەوە، لەبارەی ئەوانەوە پێشبینی کرد: (ئەوەتا خوداوەند لەگەڵ هەزاران لەپیرۆزکراوەکان دێت، 15 تا حوکم بەسەر هەمووان بدات‌و هەموو خوانەناسەکان سەرزەنشت بکات، لەبەر هەموو ئەو کردارە خوانەناسیانەی کردوویانە لەڕێبازی خوانەناسی‌و ئەو قسە ڕەقانەی دژی خودا ووتویانە ئەو خوانەناسانە.) 16 ئەوانە بۆڵەبۆڵکەرو گلەیی‌کەرن‌و دوای ئارەزووە خراپەکانی لەشیان کەوتوون‌و خۆ بەگەورە دەزانن‌و لەپێناوی بەرژەوەندی خۆیان دووڕوویی بۆ خەڵکی دەکەن.

## خۆتان بنیاد بنێن

17 بەڵام ئێوە ئەی خۆشەویستان، قسەکانی نێرراوانی خوداوەند عیسای مەسیح بهێننەوە یاد. 18 ئەوانە بەئێوەیان ووت: (لەکۆتایی زەمان، هەندێ گاڵتەجاڕ پەیدا دەبن‌و دوای مەبەستە خوانەناسەکانیان دەکەون.) 19 ئەوانە دووبەرەکی دروست دەکەن، خۆشیان خەڵکی دونیاین‌و ڕۆحیان تیادا نییە.

[20]بەڵام ئێوە خۆشەویستانم خۆتان
لەسەر باوەڕی پیرۆزتان بنیاد بنێن و
لەرۆحی پیرۆزدا نوێژ بکەن، [21]لەناو
خۆشەویستی خودا خۆتان بپارێزن و
چاوەڕوانی بەزەیی عیسای مەسیحی
خوداوەندمان بکەن بۆ ژیانی
هەتاهەتایی. [22]بەزەییتان بەو کەسانە
بێتەوە کە گومان دەکەن. [23]
هەندێکیش لەئاگر بڕفێنن و ڕزگاریان
بکەن، بۆ هەندێکیشیان بەترسەوە
بەزەیی بنوێنن، تەنانەت ڕقیشتان لەو
بەرگانە بێ کە بە لەش گڵاو بوون.
[24]ئێستاش بۆ ئەوەی توانای هەیە
بتانپارێزێ لەکەوتن، هەروەها
لەبەردەم شکۆمەندیەکەی ڕاتان
بگرێ بەخۆشی و بەبێ کەموکوڕی،
[25]بۆ تاکە خودای ڕزگارکەرمان،
شکۆمەندی و مەزنی و هێزو
دەسەڵات بەهۆی خوداوەندمان
عیسای مەسیح، لەپێش زەمانەو
ئێستاو تاهەتایە. ئامین.